" کورتە مێژووی پێشبڕکێی
هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی ئەمەریکا "

سەرچاوە: واشینتۆن پریزم
و: ئازاد مستۆفی

ڕەگ و ریشەکانی پێشبڕکێی سەرۆک کۆماری ئەمەریکا بەشێوازێکی ئەوڕۆیی دەکرێت لە 96 سال لەوە پێشەوە واتە یەکەمین هەڵبژاردن لە ئیالەتی " داکوتای باکوور "دا ،بۆ هەڵبژاردنی ساڵی 1912 ببینین .

9 ی مارسی 1912 :
ئیالەتی " داکوتای باکوور " بەڕێوەبردنی دەنگدانی سەرەتایی بۆ ناسین و هەڵبژاردنی کاندیداکانی سەرۆک کۆماری لە لایەن حزب گەلی سەرەکی و کاندیداکانی سەربەخۆوە ، ناوی خۆی لە مێژووی هەڵبژاردنی ئەمەریکا تۆمار کرد . ئەم هەنگاوە پێشکەوتووانە سیاسییە ،هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ یەکەم پرۆسەی دەنگدان . لەهەڵبژاردندا کە یەکێک لە کاندیداکان بە ناوی سێناتۆر " رابێرت ئێملا فۆلێت " ی کۆماریخواز لەم ئیالەتەدا سەرکەوت و سەرۆک کۆمار " تیئۆدۆر رۆزوێلت " پلەی دوەمی وەدەس هێنا . لە هەمان کاتدا رۆزوێلت لە زۆربەی دوازدە ئیالەتەکەی دیکە کە دەنگدانی سەرەتایی بەڕێوە دەچوو پلەی یەکەمی وەدەس هێنا ، بەڵام " ویلیام هوارد تێفت " لە کۆنترۆڵی خۆی بەسەر مێکانیزمی حزبدا کەڵکی وەرگرت و لە هەڵبژاردنی گشتیی ناوخۆیی حزبییدا ، دەنگی یەکەمی هێنایەوە . هەر لەم کاتەدا رۆزوێلت وازی لە حزب هێنا و بە ناوی کاندیدای حزبی تازە دامەزراوی خۆی واتە حزبی " پێشکوتوو " بە هێمای گاکێوی ئەمریکای باکوورەوە هاتە گۆڕەپانی سیاسەت . ئەم کارەی ناوبراو واتە کاندیدا بوون لە لایەن حزبێکی سوەمەوە بۆ سەرۆک کۆمارێک کە هێشتا لەسەر کورسی دەسەڵات بوو ، هەتا ئەوکات و هەروەها هەتا ئێستاش لە مێژووی پێشبڕکێی هەڵبژاردنی ئەم وڵاتەدا بێ وێنە بووە و هەیە . لە ئاکامی ئەم کردەوەی رۆزوێلت دا " تێفت " دوا پلەی وەدەست هێنا . هەروەها ئەم لەتبوونە لە نێوان کۆماریخوازەکاندا بووە هۆی ئەوەی کە " وودرا ویلسۆن " کاندیدای حزبی دیموکرات بگاتە پۆستی سەرۆک کۆماری وڵاتەکەی ، ناوبراو بۆ هەڵبژاردنی دواییش توانی هەمان بەرپرسایەتیی بپارێزێت .

9ی مارسی 1920 :

ئیالەتی " نۆهەمشایەر " نەریتێکی دەسپێکرد کە ئێستاش هەر بەردەوامە ، واتە یەکەمین دەنگدانی سەرەتایی سەرۆک کۆماری بەڕێوەبرد . لەو ساڵەدا لە هەڵبژاردنی کەسانێک کە بەدەنگی ئەوان کاندیداکان دیاری دەکران هەموو دەنگە دیموکراتیکەکان بەکەسانێک درا کە لە بابەت هیچ کام لە کاندیداکانەوە ڕاووبۆچوونێکی تایبەتیان نەبوو . لەدەنگدانی سەرەتایی ئەم ئیالەتەدا راعید " لێۆنارد وود " فەرماندەیی گشتیی کارگێڕانی ئەرتەش و هەروەها لە دانیشتوانی هەمان ئیالەت ، بووە کاندیدای سەرکەوتوویی کۆماریخوازەکان ، بەڵام لە ئاکامدا پاش بیست هەڵبژاردنی سەرەتایی پلەی دووەمی هێنایەوە و سێناتۆر " هیرام جانسۆن " لە کالیفۆڕنیاوە بووە پلەی یەکەم بەڵام بەرپرسانی خاوەن نفووزی حزبی لە هەڵبژاردنی نێوخۆیی حزبییدا سێناتۆری ئیالەتی " ئۆهایۆ " واتە " وارن جی هاردینگ " یان کردە کاندیدای حزبەکەیان کە تەنها لە دەنگدانی سەرەتایی ئیالەتی خۆی لە ڕێکەوتی 27ی ئاپریل دا رکابەری کردبوو . هاردینگ لە هەڵبژاردنی ئەو ساڵەیەدا بووە سەرۆک کۆماری ئەمەریکا و لە ساڵی 1923 دا مرد .

1932 :

فرانکلین دی رۆزوێلت ، پارێزگاری دیموکراتی نیۆیۆرک لە کۆی دەنگدانی سەرەتاییدا توانی دوو بە یەک سەربکەوێت بەسەر نێزیکترین رەقیبی خۆیدا . ئەو هەم لەم هەڵبژاردنەدا و هەمیش سێ جاری دیکە بۆ سەرۆک کۆماریی وڵاتەکەی هەڵبژێردرایەوە . ناوبراو لە هەمان ساڵدا دەگەڵ سەرۆک کۆماری ئەوکات " هێربێرت هوور " کەوتە رکابەرییەوە و چونکە هوور بە هۆی خراپ بوونی باروودۆخی ئابووریەوە ، جەماوەری دابەزیبوو و هەروەها بەم هۆیەشەوە دەگەڵ " جۆزێف ئای فرەنس " سێناتۆری پێشووی مێریلەند لە هەڵبژاردنی ناوخۆیی حزبییدا 15% وەدوا کەوت . هەرچەند لە دواهەڵبژاردنی گشتیی حزبییدا سەرکەوت بەڵام گرفتەکان نیشانیدا کە سەردەمی سەرۆک کۆماریەکەی بە ئاکام گەیشتووە . لە ئاکامیشدا هەڵبژاردنی مانگی نۆڤێمبێری هەمان ساڵ بە نەتیجەی 57% بە 40% بە قازانجی رۆزوێلت دوای هات.

1944 :

لەکاتێکدا کە خەڵکی ئەمەریکا سەرقاڵی شەڕی دووەمی جیهانی بوون ، رۆزوێلت بۆ چوارەمین جار خۆی کاندیدای کورسی سەرۆک کۆماری کرد شتێک کە پێشتر ڕووی نادابوو و دواتریش هەرگیز دووپات نەبۆوە. لەو ساڵەدا تەنها پانزە ئیالەت دەنگدانی سەرەتاییان ئەنجامدا . هەرچەند ناوی جەنەراڵ " داگلاس مەک ئارتوور " فەرماندەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ناوچەی زەریای ئارام لە لیستەی کاندیداکاندا نەبوو بەڵام چالاکڤانانی سیاسی ناوی ئەویان نووسیوو و پێداگرانە خوازیاری کاندیدا بوونی ناوبراو لەلایەن کۆماریخوازەکانەوە بوون . ئارتوور لە هەڵبژاردنی سەرەتایی ئیالەتەکانی ویسکانسین و ئیلینۆیز کە لە رۆژەکانی 5 و 11ی ئەپریل بەڕێوەچوو توانی بەسەر رەقیبەکانی خۆیدا سەرکەوتن وەدەس بێنێت .

:1976

دەست لە کار کێشانەوەی " ریچارد نیکسۆن " لە 9ی ئوتی 1974دا ، هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ساڵی 1976ی خستە پەراوێزەوە . دەست لە کار کێشانەوەیەک کە ئاکامی ئاشکرابوونی خۆتێکەڵکردنی دەست و پێوەندییەکانی ناوبراو لە ریسوایی " واتێرگەیت " دا بوو هەروەها خۆیشی راستەخۆ دەستووری دابوو کە ئەم کردەوە نایاسایییە بشاردێتەوە .ئەم هەڵبژاردنە هەروەها تایبەتمەندییەکی دیاریکراوی بۆ پرۆسەی کاندیدایی سەرۆک کۆماری خوڵقاند . لەو ساڵەدا لە مەکۆی حزبی دیموکرات " جیمی کارتێر " قائیم مەقامی پێشووی ئیالەتی جۆرجیا بەسەرنجدان بەوەی کە بارووذۆخی نالەباری نەتەوەیی بە چەسپاندنی شوێنی گرنگی " ئایوا " وەک یەکەم ئیالەت بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی سەرەتایی روویدا ، لەم ئیالەتە وەک سەکۆیەک بۆ خۆفڕدانێکی سەرکەوتووانە کەڵکی وەرگرت . ئەو لە 19ی جێنوێری بە ئاکامی نێونجی 28% واتە نۆ پشک کەمتر لە دەنگەکانی بێلایەن رووبەڕوو بۆوە بەڵام هەر ئەم دەسکەوتەش بە هەڵسەنگاندن دەگەڵ ئاکامی وەرگیراوی پاشماوەی لایەنگرانی کاندیدایی حزبەکەی ،زۆر جێی سەرنج و وردبوونەوە بوو .هەڵبژاردنی وەک ئەو لە ئیالەتی " نۆهەمشایەر " کە لە رۆژی 24ی فێبرایر بەڕێوەچوو بە 6 پشک بەقازانجی ناوبراوەوە بە ئاکام گەیشت و کارتێر بەسەر " موریس کی یوداڵ " نوێنەری ئیالەتی ئاریزۆنا پێشکەوت . لە 9ی مارسیش لە ئیالەتی فلۆریدا بە چوار پشک پترەوە لە " والاک " پێشکەوت و نازناوی نوێنەری پێشڕەوی ئیالەتی باشووری بۆخۆی تۆمارکرد . " جری بران " قائیم مەقامی ئیالەتی کالیفۆڕنیا بە هومێدی ئەوەی کە وەک کاندیدایەکی جێگر خۆی بگەیەنێتە سەرەوەی لیستەکە بە وەدواکەوتنێکەوە هاتە ناو خەباتی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئەمەریکا . ئەو لە 18ی مانگی مای هەمان ساڵ ، 25ی مای و 8ی ژۆەن ،بەدوای یەکدا لە هەڵبژاردنی سەرەتایی ئیالەتەکانی مێریلەند و نۆودا و کالیفۆڕنیا سەرکەوتنی وەدەس هێنا بەڵام ئەم ئاکامانە زۆر بچووک بوون و لەبواری کاتیشەوە ئیتر زۆر درەنگ ببوو . لە حزبی کۆماریخوازدا " جراڵد ئارد فۆرد " کە بەدوای دەست لەکار کێشانەوەی نیکسۆن لە جێگری ناوبراوەوە ببوە سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە ، یەکەم بەرپرس بوو کە ناچار بوو دەگەڵ کاندیداکانی دیکەی خاوەن نفووزی حزبەکەیدا خەنات بکات چونکە نەریت وایە سەرۆک کۆماری لەو کاتەدا هەر کەسێک بێت بۆ کاندیداتۆری لەلایەن حزبەکەیەوە بۆ رکابەری دەگەڵ کاندیداکانی دیکەی حزبی بەرامبەر دەناسێندرێت ، بەڵام لەو ساڵەدا " رۆناڵد رەیگان " کە لە درێژایی دوو دەورەدا ببوە قائیم مەقامی ئیالەتی کالیفۆڕنیا و ڕیبەری بزووتنەوەی پارێزگاران ، لە رکابەریەکی تەنگاوتەنگدا دەگەڵ فۆرد کەوت و بووە گرفتێکی گەورە بۆ ئەو . ئەم مەسەلەیە لە هەڵبژاردنی سەرەتایی 24ی فێبرایری ئیالەتی نۆهەمشایەر خۆی نواند کە لەودا فۆرد تەنها بە وەدەسهێنانی یەک پشکی پترەوە سەرکەوتنی وەدەسهێنا .

رۆناڵد رەیگان بەوەدەسهێنانی حەوت پشک پترەوە توانی لە هەڵبژاردنی سەرەتایی 23ی مارسی ئەو ساڵەدا سەرکەوتن وەدەس بهێنێت . ئاکامەکانی هەڵبژاردنی ئەودواییانە بووە هۆی ئەوەی کە رکابەریەکی

توندوتیژ لەنێوان کاندیداکاندا هەبێت و بەنۆرە هەرجارێک یەکێکیان سەرکەوتن وەدەسبێنن . ئەم رکابەریە لە دوارۆژی هەڵبژاردنی سەرەتاییدا واتە 8ی ژوەن کۆتای هات و رەیگان لە ئیالەتی کالێفۆرنیا بردیەوە .کالیفۆرنیا ئەو ئیالەتەی کە جێی زۆربەی کەسانی بەرپرسی هەڵبژاردنی کاندیداکانە، دەنگیان بەودا ، بەڵام فۆرد لە نیۆجێرسی بەبێ رکابەر و هەروەها لە ئۆهایۆش بە وەدەستهێنانی نەتیجەی بەرچاوی 10 پشک سەرکەوتنی وەدەستهێنا .لەکاتێکدا حزبی کۆماریخواز هێشتا لە کردەوەی زیانبەخشی نیکسۆن واتە ریسوایی واتێرگیت رزگاری نەببوو ،"جیمی کارتێر" وەک کەسایەتییەکی زۆر خۆشەویست تێکۆشانی هەڵبژاردنی خۆی بۆ هەڵبژاردنە سەرەکییەکە دەستپێکرد بەڵام هەندێک هەڵە و دڵساردبوونەوەی رکابەری و پرۆسەی گشتی پارێزگارانە لە هەڵبژاردندا کە لەو کاتەدا خەریک بوو ریشەی دادەکوتی ، نەتیجەی دەنگی کاندیداکانی هەردوو حزبی بەیەکەوە نێزیک کرد و کارتێر تەنها بە جیاوازی دوو پشک بەسەر فۆردا سەرکەوتنی وەدەستهێنا .

: 1980

رکابەری بۆ کاندیداتۆری لەم ساڵەدا ،جیاوازی و چاکی هەڵبژاردنی سەرەتایی وەک ئامرازێکی گرنگ و بنەڕەتی بۆ دەستنیشانکردنی پێگەی کەسانی بەرپرسی هەڵبژاردنی کاندیداکان بە هێزێکی پتەوترەوە سەلمێندرا .چونکە لەو ساڵەدا 35 ئیالەت هەڵبژاردنی سەرەتاییان بەڕێوەبرد لەکاتێکدا ئەم ئەندازەیە لە ساڵەکانی 1976و 1972 بەدوای یەکدا 26 و 20 بوو .رکابەریی ئاماژەپێکراو هەروەها نیشانەکانی خواست بۆ هەرچی زووتر بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی سەرەتایی دەردەخست . چونکە هەندێک لە ئیالەتەکان دەیانویست کە بە گۆڕانی کاتی ئەمجۆرە هەڵبژاردنانە و خستنە پێشەوەی رێکەوتەکەی لەوکات و زەمەنەدا ، بەشێک لەو سەرنجەی کە بە ئیالەتەکانی ئایوا و نۆهەمشایەر دەکرا بەوان بکرێت. ئەم جۆرە کردەوانە بوونە هۆی ئەوە کە ژمارەی هەڵبژاردنی سەرەتایی مانگی مارس کە ساڵی 1976 لە پێنجی مارسدا بەڕێوەچووبوو بە نۆی مارس بگۆڕدرێت . هەروەها دوو هەڵبژاردنی دیکەی لەوبابەتە لە یەکی ئاپریلی ئەوساڵەدا بەڕێوەچوو . دیارە جارێکی دیکە سەرۆک کۆماری ئەوکات ، لە درێژایی هەڵبژاردنی سەرەتاییدا خۆی لە ژێرگوشار دیت چونکە کارتێر لە سەردەمی سەرۆکایەتیەکەیدا رووبەڕووی هەندێک گیروگرفت بۆوە . ئەم گرفتانە وەک نەبوونی سووتەمەنی ،هەڵایسانی ئابووری و گرانی و دابەزینی نرخی سوود کە بەرزبوونەوەی ئابووری وەدرەنگ خست ، هێرشی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بۆ ئەفغانستان و زیانبەخشتر لە گشتی داگیرکردنی باڵوێزگەی ئەمەریکا لە تاران رێکەوتی نوامبری 1979 لەلایەن فێندێمێنتالیزمەکانی لاوی ئێرانەوە بوو کە لەلایەن رژێمی تازە پێگەیشتووی ئیسلامیەوە پشتیوانیان لێدەکرا . ئەوان 52 ئەمەریکیەکان بۆ ماوەی پتر لە ساڵێک واتە 444 رۆژ بەبارمتە گرت.

1988 و سێ شەممەی گەورە :

بەرێوەچوونی پێش وەختی پرۆسەی کاندیدابوونی تاکەکەسەکان بۆ هەڵبژاردنیی سەرۆک کۆماری لە رکابەریەکانی ساڵی 1988 وەک تایبەتمەندیەکی هەمیشەیی لێهات .بۆ نموونە ئیالەتی داکوتای باشوور ،کە جاربەجار هەڵبژاردنی سەرەتایی خۆی لە مانگی ژوەندا بەرێوەدەبرد ، لە 23ی فێبرایەر و رێک حەوتوویەک پاش ئیالەتی نیۆهەمپشایەر ئەویش چووە ئەو پرۆسەیەوە بەڵام گەورەترین گۆڕانکاری دوو هەفتە دوای ڕوویدا کە 16 ئیالەت بە تێکڕایی لە رۆژی 8ی مارس لە کردەوەیەکی چاوەڕوان نەکراودا کارێکی وەک یەکیان ئەنجامدا . بەجۆرێک کە ئەو رۆژە بە رۆژی سێ شەممەی گەورە ناسرا . یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم کردەوە پێش وەختە ، هەبوونی بەهرەیەک لە پروپاگەندەی هەڵبژاردنی سەرەتایی بوو .دیارە رێکاری زۆر گرنگ و جێی سەرنجی دێموکراتەکانیش بووە هۆی ئەوەی کە هەندێک لە ئیالەتەکانی باشوور هاوکات لەم رۆژە تایبەتیەدا وەک ئەوان دەسبدەنە هەمان هەڵبژاردن .هۆی ئەو رێکارە ئەوە بوو کە هەندێک لە میانەڕەوەکان و بنەڕەتخوازەکانی حزب لە ناوچەی باشوور بەوجۆرەیان راگەیاندبوو کە کارەساتی هەڵبژاردنی " ماندێل " لە ساڵی 1984دا ،پتر ئاکامی ئەو هێمایە بوو کە لە ناوبراو وەک لیبراڵێکی بەستراوە بە مەکتەبی کۆن نیشاندرابوو .ئەو هێمایەی کە ئەوەی ناچار کرد بەرژەوەندی کرێکارەکان و هاوپەیمانەکانی دیکەی حزب رێک بخات .

" گێری هارت " سێناتۆری پێشوو و کاندیدای حزبی دیموکرات بە هۆی تۆمەتی پێوەندی ناشەرعی نەیتوانی درێژە بە رکابەری بدات ."

هەربەم هۆیەوە میانەڕەوەکان و بنەڕەتخوازانی ئاماژە پێکراو سێشەممەی گەورەیان خوڵقاند بۆ ئەوەی لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرەتایی دەنگێکی بەرزتر بگەیێننە باشوور و پاشان حزب بەرەو ناوەند هیدایەت بکەن ، بەڵام ئەو پرۆسەیە شکستی خوارد چونکە ئەو دوو کاندیدایەی کە وێدەچوو لە ناوەندیدا لایەنگریان هەبێت لەڕووی ناچاریەوە و لەناکاودا لەبازنەی رکابەری هاتنەدەرەوە . ئەو دوو کەسە واتە " گێری هارت " سێناتۆری پێشوو بە پێوەندی ناشەرعی و " جۆزێف ئاربایدێن " سێناتۆری ئیالەتی دلۆر بە دزینی ئەدەبی بۆ بەشێک لە گوتاری هەڵبژاردندا ، تۆمەتباربوون . " ئێل گۆر " کە ئەوکات 39 ساڵ تەمەنی بوو لەیەکەم دەورەی سێناتۆریەکەیدا بوو و دەیهەویست خۆی بکاتە کاندیدای باشوور بەڵام نەیتوانی دەنگی پێویست وەدەس بێنێت . هەڵبژاردنی سەرەتایی سێشەممەی گەورە لە باشوور هەندێ خاڵی جۆراوجۆری لێکەوتەوە . یەکێک لەو شتانە ئەوە بوو کە رێکەوتی 16ی فێبرایەر ،ئەو توانایەیی بە" مایکل ئێس دوکاکس " قائیم مەقامی لیبراڵی ئیالەتی ماساچۆسێت دا ، بەرپرسایەتی یەکەمی خۆی بپارێزێت لە هەڵبژاردنی سەرەتایی ئیالەتی نیۆهەمپشایەر . ناوبراو توانی لەو هەڵبژاردنەدا بە 36 %ەوە بەرامبەر 20%ی " ریچارد ئەی گێپهارت " نوێنەری میسیۆری لە پەرلەماندا ، سەربکەوێت . ئەی گێپهارت کەسێک بوو کە لە راپرسی راستەوخۆی لایەنگرانی حزبی لە 8ی فێبرایەر لە ئیالەتی یائۆوا بە ئاکامی 31% بەسەر 27% و 22%ەوە بەدوای یەکدا بەسەر " پۆل سایمۆن " سێناتۆری

ئیالەتی " ئیلینۆز " و هەروەها دوکاکس سەرکەوتنی وەدەس هێنا . بەمجۆرەیە سێشەممەی گەورە بەجێی لە رکابەردا بوونی کەسێکی بنەڕەتخواز ، "جێسی جەکسۆن" ی کۆنترین لیبڕاڵ بوە رکابەری دوکاکس . دیارە لە دوارکابەریدا دوکاکس سەرکەوت و پێش لەوەی دانیشتنی گشتی حزب بۆ هەڵبژاردنی کاندیدا بەڕێوەبچێت ناوبراو وەک کاندیدای حزب هەڵبژێردرابوو .

: 1992

لەکاتی سەرۆک کۆماری " جۆرج بووش " ی باوک ، دوو رووداوی گرنگ هاتە ئاراوە کە دەبوایە ببێتە هۆی روو لە زیادبوونی لایەنگرانی ناوبراو .یەکەم رووداو راکێشانی پشتیوانی بەربڵاوی نێونەتەوەیی لەسەرەتایی ساڵی 1991دا بوو . لەو ساڵەدا هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا بە سەرکردایەتیی سەربازی ئەو وڵاتە کۆتاییان بە داگیرکاری کوەیت لەلایەن دراوسیکەیەوە واتە عێراق هێنا و سەددام حسەینی دیکتاتۆری عێراقییان ناچار بە تەسلیم کرد . دیارە ئەم تەسلیمە هەروەها بووە هۆی لەناوچوونی ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی چەکی کۆمەڵکوژی دەوڵەتی سەددام . رووخانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و زۆربەی رژێمە کۆمۆنیستییەکانی دیکەی ئەورووپای رۆژئاوا ، دوەم رووداوی گرنگی سەردەمی سەرۆکایەتیی بووشی باوک بوون . واتە ئەو رووداوە گرنگەی بووە هۆی کۆتایی هاتنی چوار دەیە شەڕی ساردی نێوان ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤیەت ، بەڵام بەهەبوونی ئەو دوو رووداوەشەوە بەسەرچوونی کات سەلماندی بارودۆخی سیاسی سەرۆک کۆمار بەرەو لاوازی دەچێت . چونکە لە سەرەتایی رکابەری ناوبراو بۆ هەڵبژاردنەوەی دووبارە رێژەی لایەنگرانی دابەزینێکی بەرچاوی بەخۆوە دیتبوو . یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو دابەزینەش ، تێکۆشانی ناوبراو بۆ لەبەرچاو نەگرتن و بە کەم زانینی ئاکامەکانی راوەستانی قورسی ئابووری وڵات بوو کە ئەم رێکارە نارەزایەتیی توندی دەنگدەرانی لێکەوتەوە چونکە بووشی باوک بووە هێمای سەرۆکێک کە لە راستییەکانی ژیانی خەڵکیی نائاگایە هێمایەک کە لە ناوبردنی گەلێ زەحمەت بوو .

هەرچەند بووش لە ئاکامدا توانی بە ئاسانی ببێتە کاندیدای کۆمارییەکان بۆ رکابەری بەرامبەر دیموکراتەکان بەڵام پێش لەوە ناچار بوو بەرامبەر بە نارەزایەتییە جددیەکانی هەندێک لە کۆمارییە بونیادخوازەکان بوەستێ . چونکە کەمی بووجە لە سەردەمی سەرۆک کۆماری " رۆناڵد رەیگان " بەشێوەیەکی بەرچاو لەسەرەوە بوو و بووشی باوکیش پێداگر بوو لەسەر دابەزاندنی باج بە گشتیی . بووش لە کۆنگرە کە زۆربەی نوێنەرانی ئەندامانی حزبی دیموکرات بوون ویستی کە هەزینەکان کۆنترۆڵ بکەن بەڵام دواجار رەزامەندی خۆی لەسەر بووجەیەک دەربڕی کە بریتیی بوو لە چوونەسەری باج . ئەم مەسەلەیە لە درێژخایەندا نیگەرانی سەبارەت بە ئاکامەکانی بەدواوەوە بوو چونکە زۆربەی بونیادگەراکان کە بە کردەوەکانی بووش بە تایبەت سەبارەت بە بەڵێنەکانی دەربارەی باج بە چاوی گومانەوە سەیریان دەکرد دەنگی نارەزایەتییان بە توندی بەرزکردەوە .

بووشی باوک له گوتەکانی بۆ کاندیداتۆری خۆی له دانیشتنی گشتی حزبی کۆماریخواز له ساڵی 1988 رایگەیاندبوو : " مەگەر نابیستن چی دەڵێم ؟ هیچ باجێکی نوێ دانانەنرێت " . ئەم کردەوەی بووش بووە هۆی ئەوەی که راستییەکانی حزب بیانووی پێویستییان هەبێت بۆ لایەنگری کردن له رکابەری هەڵبژاردنی " پێت بیوکانێن " .ناوبراوو له بونیادخوازە دێرینەکان و رەخنەگر و راوێژکاری پێشووی سەرۆک کۆمار " ریچارد ئیم نیکسۆن بوو " . بیوکانێن له دانیشتنی گشتیی حزبدا ململانێیەکی کرد لەگەڵ بووشدا و ناوبراوی له بوارەکانی ئابووری و بۆچوونەکانی سەبارەت به قسەی بێ کردەوە تووشی گێچەڵ کرد و دیارە بیوکانێن بۆ بونیادخوازەکان زۆر گرنگ بوو .

: 1996

دەورووبەری ساڵێک پێش له هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری 1996 ، کەمتر کەسێک پێی وابوو دووبارە کاندیداتۆری بیل کلینتۆن لەسەداسەدە و له پێش دیاریکراو دەبێت . چونکه دوو ساڵی سەرەتایی سەرۆکایەتیی ناوبراو هەوراز و نشێوی زۆر و کێشەی جۆراوجۆری بۆ کورسی سەرۆک کۆماری دروست کردبوو . بۆ نموونه یەکێک له کردەوە نوێکانی کلینتۆن واته لابردنی کۆسپ بوو بۆ وەرگرتنی هێمۆسێکشواڵ له هێزەکانی سەربازی وڵاتدا که قرموقاڵێکی زۆری نایەوە . بەجۆرێک که کلینتۆن ناچار به دابەزین له خواستی خۆی و ئیجرای پرۆسەی ناسراوو به " نێپرێس و نێگۆ " بوو . به پێی ئەم پرۆسه پەسندکراوە که ئێستاش رەچاو دەکرێت دەربارەی ئەو کەسانەی که خوازیاری چالاکی له هێزی سەربازیدان سەبارەت به هەمجێنسگەرابوون یان نەبوون پرسیارێکیان لێ ناکرێت و ئەوانیش زانیارییەک لەو بابەتەوە نادەن . هەروەها پێشنیاری کلینتۆن بۆ کەمی بووجه بریتی بوو له زیادکردنی باج که تەنها به یەک دەنگی پترەوە له کۆنگره پەسندکرا .کۆنگرەیەک که زۆربەی نوێنەرانی ئەندامانی حزبەکەی خۆی بوون . هەروەها بەشێکی زۆر له پێشنیارە گرنگ و سەرەکیەکانی وەک چاکسازی سیستەمی خزمەتگوزاری دەرمان ( که دەگەڵ پرۆسه پێشنیارکراوەکەی خێزانی واته هیلاری کلینتۆن بەیەکەوە پێشنیاری کۆنگرەکران ) ، یاسای هاتنەخواری تاوانەکانی توندوتیژی ، کۆنترۆڵی فرۆشتنی چەک و تەقەمەنی و هەندێک پێشنیاری دیکەی ئابووری رەتکرانەوە .

بگره بۆ سەرکەوتنی کلینتۆن له کردەوەبەخشین به پەیماننامەی " بازرگانی ئازادی ئەمەریکای باکوور" پوانێکی گەورەی سیاسی درا .چونکه سەندیکاکانی کرێکاری به تورەییەوە له ئیجرای ئەم گرێبەسته که ئەوەیان به دژی بەرژەوەندییەکانی کرێکاران دەزانی ، رێگەیان خۆشکرد کۆماریخوازەکان پەرلەمانی گشتی بگرنه دەستیان .هەروەها ئەندامانی حزبی کۆماریخوازیش له ساڵی 1995 بەڕێبەری تاقمێکی بونیادخوازی توندڕەو بەتایبەت وتەبێژی نوێی پەرلەمان واته " نیۆت گینگریچ " به ئاسانی توانییان چەند پێشنیار به پەسند بگەیەنن . واته ئەو پێشنیارانەی که له دەستووری کاری سەرکەوتنی ئەواندا له

وەدەستەوەگرتنی زۆرینەی پەرلەمان لە ساڵی 1994 و لە ژێرناوی " گرێبەست دەگەڵ ئەمەریکا " جێی دەگرت .

: 2000

لەساڵی 2000دا رۆژەکانی هەڵبژاردنی سەرەتایی و دەنگدان بەدوای یەکدا بوو . ئەم راپرسییە لە ئیالەتی ئایۆوا لە 24ی جانوێری ، ئیالەتی نیوهەمپشایەر یەکی فێبرایەر بەڕێوەچوو . کۆماریخوازەکان هەڵبژاردنی سەرەتایی سەرۆک کۆمارییان لە شەش ئیالەت بەڕێوەبرد واتە ئیالەتەکانی دلۆر لە هەشتی فێبرایەر ، کارۆلینای باشوور لە 19ی فێبرایەر ، ئاریزۆنا و میشیگان لە 22ی فێبرایەر ، ڤێرجینیا و واشینتۆن لە 29ی فێبرایەر . بەڵام دیموکراتەکان لە پەلەکردن خۆیان بوارد و 7ی مارسیان دانا وەک یەکەم رۆژی هەڵبژاردن . لەم رۆژەدا هەموو ئیالەتەکان بێجگە ئایۆوا و نیوهەمپشایەر دەیانتوانی کۆڕی هەڵبژاردنی خۆیان هەڵبژێرن کە ئەژماری ئەو کۆڕە بریتییە لە بۆ هەر ئیالەتێک بە ئەندازەی مەڵبەندەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمان و کۆی دوو کورسی ئەنجوومەنی پیرانی ئەو ئیالەتە بەرامبەرە . بەڵام یازدە ئیالەت گەیشتنە ئەو قەناعەتەی هەڵبژاردنی سەرەتایی هەردوو حزب هەر لەو رۆژەدا واتە حەوتی مارس بەڕێوەببەن . سێ ئیالەتی پڕحەشیمەتی سەرەکی واتە کالیفۆرنیا و نیویۆرک و ئۆهایۆ کە دیارە کۆڕی هەڵبژاردنەکەیشیان بەرچاوە ، ئەوانیش لە ڕیزی هەمان یازدە ئیالەت بوون .
شەش ئیالەتی باشووریش رۆژی 14ی مارس بوونە یەک هەتا " سێ شەممەی گەورەی " ساڵی 1988 بخوڵقێننەوە . بەڵام ئەم رووداوە لەناکاوەش نەبووە هۆی تایبەتیی بوونی ئەم ئیالەتانە . چونکە تەنها توانیان ئەو کاندیدا پاڵاوێڕاوانە دووبارە پەسند بکەنەوە کە پێشتر خۆیان ئەو زەحمەتەیان کەم کردبۆوە و هەڵبژاردنی سەرەتاییان بەڕێوەبردبوو .
هەربۆیە جارێکی دیکە سەلمێندرا بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی سەرەتایی پێش وەخت ، بە قازانجی کاندیدای پێشڕەوەوە دەبێت ، چونکە " ئەل گۆڕ " کە لە هەردوو دەورەی سەرۆک کۆماری " بیل کلینتۆن " دا جێگری ناوبراوی وەئەستۆ بوو ، لەلایەن حزبی دیموکراتەوە بۆ کاندیداتۆری لەم حزبەدا لە هەڵبژاردنی گشتیی سەرۆک کۆماریی ئەمەریکا دیاریکرا . لەلایەن حزبی کۆماریخوازیشەوە " جۆرج دەبلیۆ بووش " وەک رکابەری ئەل گۆر دیاریکرا کە دووەمین دەورەی پارێزگاری خۆی لە ئیالەتی تێگزاس تێدەپەڕاند ، ئەو کوڕی سەرۆک بووش بوو کە کلینتۆن هاتە جێگەی . هەردووی ئەم کاندیدایانە بۆ گەیشتن بە بەرزترین ئاستی پشتیوانی و لایەنگری لەلایەن حزبەکانی خۆیانەوە لەسەرەتای کاندیداتۆریانەوە دەگەڵ رەقیبەکانیان گەلێ رۆژگاری کێشە و گرفتیان تێپەڕاندبوو .بەڵام لە رۆژی هەڵبژاردنی سەرەتایی هاوکات لە چەند ئیالەت بەیەکەوە ،توانیان خۆیەک بنوێنن . هەروەها هەردووکیان داتای بەرچاویان بۆ دەسپێکی رکابەری پێ بوو . چونکە ئەل گور بە کەڵکوەرگرتن لە خاڵە بەهێزەکانی سەردەمی سەرۆکایەتی کلینتۆن کە خۆی بۆ هەشت ساڵ وەک جێگری سەرۆک کۆماری بەشی لەو

سەرکەوتنانە هەبوو و هەنووکەش هەر لەسەر کار بوو ، لە قۆناغێکدا بوو کە ئەگەر لە هەلومەرجێکی دیکەدا دەبوو دەبوایە گەلێ بۆ گەیشتن بەو قۆناغە تێبکۆشایەت چونکە ئابووری بەهێز و هەستکردن بە ئاشتی و ئاسایش کە لەخۆدا لەداوی شەڕی سارد لە وڵاتی ئەمەریکا هاتبوە ئاراوە ، دوو هۆکاری ئەرێنی و زۆر گرنگ بۆ ئەو دەهاتە ئەژمار . هەرچەند کلینتۆن بە هۆی رووداني کێشە عەشیرەییەکانەوە لە یوگسلاڤیای پێشوو ، ئەرتەشی بۆ ئەوێ ناردبوو بەڵام خەڵکی هەستیان بە ئاسایش دەکرد .
بووشی کوڕیش هەرچەند ساڵانێکی زۆر لە تەمەنی خۆی خەریکی ئیش و کاری بەربڵاوی ئابووری ببوو لە جیهانی سیاسەتیشدا توانیبووی وەرچەرخانێکی بەرچاو بگێڕێت . چونکە لە رکابەریە توندەکەی ساڵی 1994 بۆ وەرگرتنی کورسی پارێزگاری ئیالەتی تێگزاس توانی سەرکەوتن بەدەس بهێنێت بەرامبەر " ئان ریچاردز " کە ئەوکات پارێزگار بوو و هەروەها بۆ هەڵبژاردنی دواتریش واتە ساڵی 1998 بووشی کوڕ توانی دووبارە سەرکەوتن بەدەس بهێنێت لەهەمان ئیالەتدا . ناوبراو بەوەی کە خۆی وەک " بونیادگەرای دڵسۆز و دڵۆڤان " و " ریفۆرمخوازی کاریگەر " ناودەبرد توانی دەنگی میانەڕەوەکان بەرەولای خۆی رابکێشێت . ئەو لە ڕوانگەی بیروباوەڕەوە لە پێکگرتنێک لەگەڵ باوکیدا وێنەیەکی بنەڕەتخوازتر لە خۆی نیشاندەدا و هەستی هەرەوەزی و هاوڕێیەکی زیاتری لە خەڵکدا پێکهێنا. بەچەشنێک کە بەزوویی لە نێوان کۆماریخوازەکانی وڵاتدا کە بڕیاریان دابوو دووبارە کۆشکی سپی بگرنەوە دەست پشتیوانیەکی زۆری دەستەبەرکرد . هەروەها کەڵکی لە تۆڕێکی بەربڵاوی پەیوەندی کە باوکی دروستی کردبوو بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی ماڵی بێ وێنە ،بۆ بەشداریکردن لە رکابەری هەڵبژاردن وەرگرت .

2004 :

لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2004 دا ، بچووکترین ئاماژەیەک لەسەر بوونی کێشە بۆ کاندیداتۆری جۆرج دەبلیۆ بووش لەلایەن حزبی کۆماریخوازەوە نەبوو. واتە ئەو هەڵبژاردنەی کە ئاکامەکەی بووە خولی دووەمی سەرۆک کۆماری جۆرج بووش.
هۆی ئەم پێگە بێ کێشەیە دوو کردەوەی گرنگی بووش بوون. چونکە راگەیاندنی پێداگرانەی ئەو بۆ شەڕ لەگەڵ تیرۆریست دوای هێرشە تیرۆریستییەکەی یازدەی سێپتامبری 2001 بە ناوەندی بازرگانی جیهانی لە نیۆیۆرک و پێنتاگۆن و هەروەها پشتیوانی سەرکەوتووی چەکدارانە لە هەوڵدان بۆ لەناوبردنی رژێمی تالیبان کە گرووپی توندڕەوی ئەلقاعیدەی لە ئەفغانیستان جێ کردبۆوە ، وای لێکرد کە رێژەی بێکاری بشکێنێ. ئەو رێژەیەی کە باوکی لە ساڵی 1991 دا و بەشوێن شەڕی کەنداوی فارسدا بەجێی هێشتبوو .
دیارە هەڵوێستی بووش لە بابەت کەڵکوەرگرتنی بەربڵاو لە هێزی سەربازی بۆ رووخانی سەددام حسەین دیکتاتۆری عێراق لە 20ی مارسی 2003 دا بە ئەندازەی هێرش بۆ ئەفغانیستان نەیتوانی پشتیوانی جیهانی بۆلای خۆی ڕابکێشێت . لەهەمان کاتدا بە نێزیکبوونەوەی هەڵبژاردنی ساڵی 2004 ، ئەم کردەوەیە لە نێوان دیموکراتەکان و هەروەها سەربەخۆکانیش بە شێوەیەکی بەرچاو رەتکرایەوە . بەڵام

سەرۆک کۆمار هەر وەک جاران توانی لایەنگرانی خۆی لە نێوان کۆماریخوازەکاندا هەبێت . دیارە هەروەها کە باسی لێوەکرا لە هەڵبژاردنی سەرەتایی ئەوکاتدا ، کەسێک لە حزبەکەی خۆی بەرامبەر ئەو نەوەستا بەلام رکابەری لە کەمپەینی دیموکراتەکاندا بۆ هەڵبژاردنی کاندیدایەک بتوانێت بەرامبەر بووش بوەستێت بە شێوەیەکی بەرچاو و نائاسایی روو لە گەشە بوو . " جان کەری " دەورەی چوارەمی سێناتۆری خۆی لە ئیالەتی ماساچۆسیت تێپەڕدەکرد . ئەو لە هەفتاکانەوە (1970) کە وەک کۆنترین کەسی بەشداربوو لە شەڕی ڤێیتنام دەناسرا و چەندین مەدالیای هێزی دەریایی بەوبۆنەیەوە وەرگرتبوو ، لە راستیدا هێمای بەرزەفڕی بۆ وەدەستەوەگرتنی کورسی سەرۆک کۆماری دەژمێردرا . دیارە ناوبراو دواتر بووە یەکێک لە پێشڕەوانی نارەزایەتیی دەربڕین بەم شەڕە . جان کەری یەکەم کەس بوو لە حزبەکەیەوە واتە حزبی دیموکرات بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنی سەرەتایی هاتە گۆڕەپانەوە .

" هاوارد دین " پارێزگاری پێشووی ئیالەتی وێرمونت ، سیاسەتڤانێکی دیکە بوو کە لە حزبی دیموکراتەوە تێکۆشانی بۆ چوونەناو پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری دەست پێکرد . ناوبراو توانی بە ئیدانەکردنی شەڕی عێراق و بەدەستەوەگرتنی داهێنانی کەڵکوەرگرتن لە ئینتێرنێت وەک کەرەستەیەک بۆ رێکخستنی سیاسیی ، بە زوویی پشتیوانیەکی بنەڕەتی بۆخۆی مسۆگەرکرد و هەربۆیە ماوەیەک توانی سەرکەوتن بەدەس بێنێت بەرامبەر جان کەری بەلام لە درێژایی رکابەرییەکەدا نەیتوانی بە باشی بجووڵێتەوە و جان کەری وەپێش کەوت .

دیموکراتەکان لە دژایەتی کردن دەگەڵ کۆماریخوازەکاندا سەبارەت بە شەڕی عێراق دەیانگوت دەوڵەت هیچ بەڵگەیەکی تەواو و باوەڕپێکراوی وەهای دەربارەی چەکی بەکۆمەڵکوژی و پەیوەندی عێراق دەگەڵ ئەلقاعیدەدا بەدەستەوە نەبووە و بەپەلە چووەتە ناو شەڕی عێراقەوە . هاوکات دەگەڵ چوونەسەری بەرگرییەکانی هەبوونی ئەمەریکا لە عێراق ، ئەم نارەزایەتیی و دژایەتیانەش پتر دەبوون . سەلماندنی ئەوەی کە عێراقییەکان ناتوانن دەوڵەتێکی کارامە و لێهاتوو پێکبهێنن کە بتوانێت ببێتە هۆی کەمبوونەوەی رۆڵی ئەمەریکا لە وڵاتەکەیاندا ، هۆیەکی دیکە بوو بۆ چوونەسەری ئەو دژایەتییانە .

هەر بەم هۆیەوە " دین " کە بگرە پێش هێرشی ئەمەریکا بۆ عێراق ، گوشاری بووش بۆ وەرگرتنی رەزامەندی بۆ ئەم هێرشەی ئیدانەکردبوو ، بەخێرایی توانی پشتیوانی هەندێک لە چالاکڤانانی دژی شەڕ بۆلای خۆی رابکێشێت ئەو چالاکڤانانەی کە لەو تاقمە دیموکراتەی تووڕە بوون وا لە ساڵی 2002دا پشتیوانیان لەو بڕیارنامەیە کردبوو هێشتبووی بووش لە هێزی سەربازی بە دژی عێراق کەڵک وەربگرێت .

" جان کەری " ، " جان ئێدواردز " ، " جۆزێڤ لیبەرمەن " و هەروەها سێناتۆرەکانی ئیالەتەکانی کارۆلینای باکوور و کینێکتیکات و " ریچارد ئەی گێپهارد " ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران ، بەشێک بوون لەو تاقمە کە پشتیوانیان لە شەڕی عێراق کردبوو .

هەرچەند لە رکابەری ناوخۆیی حزبیدا کەسانی دیکەی وەک چالاکڤانی بواری کۆمەلایەتی " ئێل شارپتۆن" و " دێنیس جی کیۆسینیک " ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانیش هەبوون کە لە نەیارانی کۆنی شەڕ دەژمێردران بەلام " دین " بەخێرایی بەکەڵک وەرگرتن لە ئینتێرنێت توانی لایەنگر بۆ خۆی کۆبکاتەوە.

ناوبراو توانی بە کەڵک وەرگرتن لە ڕێنماییەکانی ڕاوێژکاری دێرینیی خۆی " جۆ تریپی " واتە کۆکردنەوەی دەیان ملیۆن دۆلار بە هۆی ئینتێرنێتەوە بۆ رکابەرییە سەرەتاییەکەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری خۆی ، کۆمەڵگای سیاسی تووشی سەرسووڕمان بکات . ناوبراو هەروەها بەکەڵکوەرگرتن هەر لەم شێوازە و بەکارهێنانی دەیان سایت و وێبلاگ و رێکخستنی ڕێپێوان ، هێز و وزەیەکی زۆری بۆ رکابەرییەکەی خۆی وەرێخست .

پێش لە پاییزی 2003 " دین " لە سەرووی لیستەی دەنگدەرانەوە بوو . " کەری " کە سەرەتا رکابەرییەکەی خێرایەکی پێوە دیاربوو بە هۆی تووشبوون بە نەخۆشی پرۆستات و تێپەڕاندنی پشووی دوای نەشتەرگەرییەکەی تێدەکۆشا دەگەڵ لایەنگرانی بۆ ئامادەبوون لە رکابەییەکاندا پەیوەندی هەبێت بەلام ئەمجارەش وەکو سەردەمی رکابەری دەگەڵ ئێلگۆر لەساڵی 2000 بە هەڵنەکردن دەگەڵ دەورووبەردا ناودەبرا . ئەم هێمایە لە ئاکامدا بووە هۆی بیانوویەک بۆ رەقیبەکانی لە هەڵبژاردندا هەتا ئەوەی کە ناوی " بلیمەتی رۆژهەلاتی " لێ بنێن .

هاوکات " ئێدواردز " ی لاو و سەرنجراکێشیش دەبوە هێزێکی بەتوانا . تایبەتمەندی بەرچاوی ئەو خەبات دژی هەژاری و نابەرابەری لە داهاتدا بوو .

لەهەمان کاتیشدا " جەنەراڵ وۆڵزی کلارک " فەرماندەی پێشووی هێزەکانی " هاوپەیمانێتی ئەتلانتیکی باکوور " ( ناتۆ ) لە کێشەکانی سالانی نەوەدەکان لە دوڕگەی باڵکانیش ، لە 17 سیپتەمبێری 2003 دا هاتە ناو گۆڕەپانی رکابەرییەوە . ئەم هاتنە رەقیبێکی بەتوانایی دیکەی هێنایە ناو لیستەوە چونکە ئەم رەقیبە تزەیە ئەوەی کە هەمووان بەیەکەوە بوویان ئەو بە تەنها بووی . واتە لە جوانیی و سەرنجراکێشانیەوە دەگەڵ ئێدوارد رکابەری دەکرد و هەروەها لە بواری پێشینەی جەنگ و سەربازییەوە دەگەڵ جان کەری بەرامبەر بوو و لە بواری دژایەتی کردن دەگەڵ شەڕی عێراق هاوڕایی " دین " بوو .

:2008